Helsinki



ڕێنمایی S2 بۆ خوێندکارانی ئامادەیی و سەرپەرشتیارەکانیان لە هێلسینکی

مەنهەجی S2 واتای چییە؟
زمانی دایک و وێژە بۆ هەموو خوێندکارەکان مادەیەکی خوێندنی هاوبەشە. دەتوانرێت یان بە خوێندنی زمانی فینلەندی (S1) یان فینلەندی وەک زمانی دووەم (S2) تەواو بکرێت.

مەنهەجی S2 بۆ کێ پێشنیار دەکرێت؟
S2 بۆ ئەو خوێندکارانەیە کە، زمانی دایکییان فینلەندی، سویدی یان سامی نیە و کەموکوڕییەکی ڕوونیان لە تو انای زمانزانیندا هەیە.

هەروەها S2 بۆ ئەو خوێندکارانەش دەگونجێت کە پێشینەیەکی فرە زمانییان هەیە.

چەند نموونەیەک:
خوێندکار بە فینلەندییەکی ڕەوان قسە دەکات، بەڵام خوێندنەوە و نووسین (بەتایبەتی بە زمانی فینلەندیی گشتی و زمانی کتێبی) بەلایەوە سەختە.
◀ مەنهەجی S2 پێشنیار دەکرێت.

خوێندکارەکە دەزانێت بە زمانی فینلەندیی ساکار بنووسێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتن لە خوێنراوە بەلایەوە سەختە. نووسینی تێکستە درێژەکان و تێگەیشتن لە ڕێنماییەکانی ئەرکەکان ئاڵۆزە.
◀ مەنهەجی S2 پێشنیار دەکرێت.

خوێندکارەکە فرە زمانیە، بەڵام خوێندنی بنەڕەتیی بە فینلەندی تەواو کردووە و بە ڕەوانی تێکستی درێژ دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
◀ مەنهەجی S2 پێشنیار دەکرێت.

مەنهەجی S۲ ڕێگری دەکات لە پێشکەشکردنی داوا بۆ خوێندنی بالا؟
خوێندکارانی S2 دەتوانن بە هەمان شێوەی خوێندکارانی S1 داوا پێشکەش بکەن بۆ خوێندنی باڵا. خاڵەکانی نمرەی تاقیکردنەوەی ئامادەیی گشتی دەرچووی S۲ لەگەڵ خاڵەکانی نمرەی تاقیکردنەوەی گشتیی دەرچووی S1 هاوتایە.

کێ بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی مەنهەج دەدات؟
لە هەڵبژاردندا مامۆستای S2 و ڕاوێژکاری خوێندن و بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی یارمەتی دەدەن. هەڵبژاردنەکە لەلایەن خوێندکارەوە پێکەوە لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەی ئەنجام دەدرێت. خوێندکارێک کە تەمەنی گەیشتبێتە ١٨ ساڵ دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت. .

کەی هەڵبژاردنەکە دەکرێت و ئایا دەتوانرێت لە ناوەندی ئامادەییدا بگۆڕدرێت؟
هەڵبژاردنەکە لە ماوەی ساڵی یەکەمی ئامادەیی ئەنجام دەدرێت. ئەگەر لە ماوەی ساڵی یەکەمدا پێویست بە گۆڕینی مەنهەج بکات، بڕیارەکە پێکەوە لەلایەن خوێندکار و سەرپەرشتیار و ئامادەییەوە دەدرێت.